# له حه‌وته‌مین ساڵ یادی تیرۆری هاوڕێیان

# شاپور عبدالقادرو قابیل عادل دا... مه‌رگ بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی

سه‌رله به‌یانی رۆژی 1998/4/18 خه‌ڵكی ئازادیخوازی كوردستان، ئاواره‌كان‌و بێخانه‌ولانه‌كان، ده‌ستفرۆشان‌و كرێكارانی كوردستان، دوو ڕابه‌ری خۆشه‌ویست‌و جه‌سوری خۆیان له‌ده‌ستدا. له‌ده‌وره‌یه‌كدا كه ده‌سته‌وتاقمی ئیسلامی سیاسی به‌هۆی سیاسه‌تی دڵراگرتنی پارتی دیموكراتی كوردستان‌و یه‌كێتی نیشتمانی كوردستانه‌وه، تاده‌هات كۆمه‌ڵگای كوردستانیان به‌ره‌و تیرۆریزم وكوشتاری ئازایخوازان راپێچده‌دا وبه‌مه‌به‌ستی ئیسلامی‌كردنی كۆمه‌لگای كوردستان، هیرش وپه‌لاماردانیكی كویرانه‌یان به‌دژی ژنان ولاوان و مه‌ده‌نیه‌تی كۆمه‌لگاو وهه‌رچه‌شنه ئازادیخوازییه‌ك ده‌ستپێكردبوو، شاپوروقابیل له‌ریزی پیشه‌وه‌ی راوه‌ستانه‌وه به‌رووی ئه‌م كۆنه‌په‌رستی وئینسانكوژی‌یه‌ی ئیسلامی سیاسی و په‌لاماره‌كانیان بۆسه‌ر ژیانی خه‌لكی كوردستان راوه‌ستان و وه‌ك رابه‌رانیكی بزوتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزمی كریكاری وحیزبه‌كه‌ی ئالای به‌رگریان له‌یه‌كسانی وئازادیخوازی ومه‌ده‌نیه‌ت هه‌ڵبری و ئومیدێكی تریان خسته به‌رده‌م جه‌ماوه‌ری كوردستانه‌وه. به‌مجۆره‌ش ناوی ئه‌وان له‌گه‌ل خه‌باتی ژنان ولاوان و خه‌لكی ئازادیخوازی بۆ داهاتویه‌كی ئینسانی‌و دور له‌تیرۆریزم و كۆنه‌په‌رستی ئیسلامی وقه‌ومی تێكه‌ل بوو بوو.

تیرۆری هاوریان شاپور و قابیل كه‌له هه‌ناوی كێبه‌ركێ‌یه‌كی سیاسی‌و فراوانی بزوتنه‌وه‌ی كۆمۆنیزمی كرێكاری له گه‌ڵ تیروریزمی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیونالیزمی كورد تا ده‌هات ڕوه‌و سه‌رده‌چوو، سه‌رئه‌نجام له‌شاری هه‌ولێر له‌پیلانێكی داریژراوی تیرۆریستاندا هاته‌كایه‌وه. به تیرۆركردنیان كۆمه‌لگای كوردستان هه‌ژاو مه‌رگی ئه‌وان بووه سه‌نگه‌ریكی تر بۆریسواكردنی ئیسلامی سیاسی و ده‌ستكۆتاكردنی كارنامه‌ی ره‌شیان له‌سه‌ر ژیانی خه‌لك.

به‌لام ئێستا به‌دوای 7 سال به‌سه‌ر تیرۆركردنی ئه‌م دوو ڕابه‌ره ئازیزه‌دا وله‌كاتیكدا تیرۆرو تۆقاندن وكوشتاری خه‌لكی مه‌ده‌نی له‌شاره‌كانی عیراق له‌لایه‌ن تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی‌یه‌وه سیناریۆیه‌كی ره‌شی پرتاوانكاری خولقاندووه، له‌كاتیكدا كه‌سه‌رانی ئه‌حزابی ناسیونالیزمی كورد ده‌ستیان خستۆته نیوده‌ستی ئه‌م ئینسان كوژانه‌و خه‌ریكی پیكهینانی كابینه‌و حكومه‌تی كاتین له‌گه‌لیان، مه‌ترسی په‌ره‌گرتنه‌وه‌ی دووباره‌ی تیرۆریزم وتێكدانی ئه‌منیه‌ت وئاسایشی خه‌لكی كوردستان بۆته سیبه‌رێكی ڕه‌ش به‌سه‌ر سه‌ری كۆمه‌لگاوه. ئه‌ركی وه‌ستانه‌وه‌و دورخستنه‌وه‌ی مه‌ترسی باڵی ڕه‌شی ئیسلامی سیاسی‌و سیاسه‌تێك كه ئه‌حزابی ناسیونالست گرتویه‌تیه به‌ر، ده‌كاته وه‌زیفه‌ی سه‌رجه‌م ئازادیخوازان. كه‌وایه با ساڵیادی تیرۆری هاوڕێیان، بكه‌ینه سه‌نگه‌رێك بۆ پته‌و كردنی خه‌باتی جه‌ماوه‌ری دژ به تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی.

له حه‌وته‌مین ساڵیادی تیرۆركردنی هاوریان شاپور وقابیلدا، ئیمه وێرای سه‌ره‌خۆشی خۆمان له خێزان‌و كه‌سوكار ودۆستانی ئه‌م دوو رابه‌ره ئازیزه ده‌رده‌برین هاوكات به‌لین دووپات ده‌كه‌ینه‌وه كه بۆ به‌رز ڕاگرتنی ڕێبازو ئامانجێك كه ئه‌وان به‌كۆمه‌ڵگای كوردستانیان، ناساند، لیبراوانه تیبكۆشین و درێژه به‌خه‌باتی كۆمۆنیستیمان بده‌ین. له‌م یاده نه‌مره‌ی ئه‌وانیشدا داواده‌كه‌ین له‌هه‌موو ئه‌و ئینسانانه‌ی كه‌دلیان بۆئازادی ویه‌كسانی وكۆمه‌لگایه‌كی موته‌مه‌دن وخۆش گوزه‌ران لیده‌دات، به‌ریزی حیزبه‌كه‌ی شاپور وقابیله‌وه، په‌یوه‌ستبن.

به‌رزو به‌ڕیز بێت یادی هاوڕێیان شاپورو قابیل
مه‌رگ و نه‌مان بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و هاوپه‌یمان و پاریزه‌رانیان.

**حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق**

**2005/4/18**